# بۆ جوانی لێو
# پەمەیی شای ڕەنگەكانە



جوانی لێو یەكێكە لە جوانترین بەهاكانی جوانی ڕووخسار، بە مەرجێك ڕازاوەیی و ناسـكی لەسەر لێوەكان ببارێت، لەم ڕێگەش دەتوانین سـوود لە جوانی لێو وەربگرین بۆ ئەوەی دیمەنێكی شایسـتە ببەخشـێت، لە هەندێك حاڵەتەكانی ماكیـاژدا، جوانكاری تەواو بۆ لێو ناكرێ، بۆیەش جوانی ماكیاژەكەش لە دەست دەچێ و نابێتە ئەو جۆرە ماكیاژەی بۆ ڕووخسارێكی جوان دەربكەوێ.



تایبەتمەندی لێو لە شـێوەی دانانی ئەو ڕەنگەیە كـە وەك بۆیەكی سـەرەكی دادەنـرێ، چەندەهـا ڕەنـگ هەن شایسـتەی جوانی لێوەكانن، بەڵام یەكێك لەو ڕەنگانـە جوانییەكی ڕەهای هەیە، دەتوانێت جوانییەكی تایبەتی بە لێو ببەخشـێت، ئەو ڕەنگـەش بریتییە لـە ڕەنگی (پەمەیـی)، وەك هێمایەكـی سـەرنجڕاكێش دەتوانێ جوانی لێو دەربخـات، ئەمەش بە هەردوو ڕەنگەكانی تۆخ و ئاچوخ لە ڕەنگی پەمەیی.

# دیكۆری بازنەی كراوە بۆ ژووری چێشتلێنان



دیكۆرەكانـی ماڵ هەر یەكە پێویسـتی بە گرنگیـدان و ڕازاوەیی هەیە، ئەمەش وەك هەنگاوە سـەرەكییەكان بۆ جوانییەكی تایبەت لە ناو دیكۆری هەر ژوورێكی ماڵ، ئەوەی جێگەی جوانی و بەردەسـتی خانمانە بریتییە لە ژووری چێشتلێنان. وەك یەكێك لە گرنگترین ژوورەكانی ماڵ، پێویستی بـە جوانـی و وردبینییەكـی زۆر هەیە بـۆ ئەوەی بە یەكێـك لە ژوورە سەرەنجڕاكێشەكانی ماڵ دابنرێ.

چەندین دیكۆر هەن بۆ ئەوەی لە ژووری چێشتلێنان جوانی خۆیان دەربخەن، دیكۆری بازنەی كراوە بۆ سەر مێز و شوێنی چێشت ئامادەكردن، شێوازێكی سەرنجڕاكێشـە. چونكە شێوە بازنەكان بە جوانترین شێواز دەردەكەون لەگەڵ ئەوەشـدا ڕێگەی كاركردن ئاسـان دەكات، بەڵام دەبێ لە جۆرە ڕەنگێك بێ كەلەگەڵ ستایل و جوانی ژووری چێشتلێنان بگونجێت.

# ڕازاندنەوەی ماڵ بە گوڵ و گوڵدانەكان




ڕازاندنـەوەی ماڵ یان دانانی شـێوە جوان و بەرچاوەكان لە ماڵـدا، هەنگاوێكی باشـە بۆ ئـەوەی شـێوە و ڕازاوەیی مـاڵ بگۆڕێت و دیمەنێكی بەرچاو نیشان بدات. یەكێك لەو ئێكسسوارە ناسـكانە بریتییە لـە گۆڕینی دیكۆری ماڵ بە گوڵدانەكان، دوو جـۆر گوڵدان هـەن، یەكێكیان بریتییە لە گوڵ و گوڵدانی سروشـتی. جۆری دووەمیـش بریتییە لە گـوڵ و گوڵدانی دەسـتكرد ئەوەی لە پلاسـتیك دروسـت دەكرێ.

ئەوەی بە جوانترین شێوە دادەنرێ بریتییە لە گوڵی سرووشتی، چونكە جوانی گوڵە سرووشتییەكان جوانییەكی سرووشـتی و ناسـك دەبەخشـن، بەمەش دەتوانین لایەنێك لە دیكۆری ماڵ بە ڕازاوەیی و كراوەییەكی سرووشتی داپۆشین و جوانی بكەین. یەكێك لە جوانی گوڵدانەكان، لە ڕەنگ و شـێوەكەیەتی، تا زیاتر ڕازاوەتربێ، ئەوەندە جوانتر دەبێ.



# مۆدەی ماکیاژی پشت چاوی تێکەڵ

شەرمین خان لە سالۆن ستۆکهۆڵم بۆمان ئامادە دەکات





ماکیاژی چاوەکان یەکێکە لە ئەرکە دژوارەکانی کاری ئارایشگەری. چونکە ئەو ماکیاژە بەتەواوی دیمەن و روخساری ئافرەتەکە دەگۆڕێت، هەربۆیە دەبێ بە وریایی و زانایی کاری ماکیاژی چاو بکرێ، چونکە هەر هەڵەیەك وادەکات جوانی چاوەکانیش ناشایستە بێ، بۆیە مەرجەکان زۆرن کاتێك ماکیاژی چاوەکان بە جوانی و ناسکی رێکدەخرێت

رەنگی پشت چاوەکان دەبێ بە چەندەها قۆناغ لێبدەدرێ، ئەمەش بۆ زیاتر وشك بوونەوەی رەنگەکان لەسەر پێستی پشت چاو، بۆ ئەوەی بە جوانی و سرووشتی رەنگەکان دەربکەون و شێوەیەکی جوانیش بە جوانی ماکیاژ .ببەخشن

یەکێك لە مۆدە جوانەکانی پشت چاوەکان، بریتییە لە تێکەڵی چەند رەنگێك بۆ ئەوەی ماکیاژێکی رەنگاورەنگی پێوە دیار بێ، لێرەشدا جوانی پشت چاوەکان دەبێتە رێگەیەك بۆ زیاتر جوانکردنی چاوەکان، ئەو رەنگانەی بۆ ماکیاژێکی رەنگاورەنگ بەکاردەهێنرێت بریتیین لە : سەوز، زەرد، وەنەوشەیی، شین. بەم جۆرە دەتوانین جوانترین ماکیاژی رەنگاورەنگ بۆ پشت چاوەکان دابنێن و بەمەش دەبێتە یەکێك لە مۆدە جوانەکانی پشت چاوەکان .

# جوانی کراسەکان بەپێ رەنگ و ستایلەکانن



کراسەکەکان هەر یەکە بەپێ مۆدە و تایبەتیی خۆیان دەردەکەون، لێرەشدا دەبێ بەهای ئەو جوانییە بزانین و لە دەستیان نەدەین، چەندین مۆدەی کراسەکان وادەکات شێوازی هەر یەکە لەم کراسانە جوانییەکی تاك ببەخشێ و شێوەی هەر یەکەش لە جوانییەکی کراوە لەسەر جەستەی خانمان بنەخشێنێ، جوانی کراس لە شێوەی دروون و ستایلەکەدا دەردەکەوێت.

ئەو شێوە ستانداردەی بۆ کراس بەدی دەکرێ، بریتییە لە کراوەیی لە بەشی سەرەوە، لەگەڵ تەسك بوونەوەی لە نێوان سینگ و بەشی خوارەوە، واتە لە ناوقەد تاوەکو بەشی خوارەوە، ئینجا کراوە و گەورە ببێتەوە، ئەم ستایلە یەکێکە لە ستایلە ناسکەکان بۆ کراسە کورتەکان، بەڵام جوانی کراسەکان زیاتر لە رەنگەکانیان دەردەکەون و زیاتر سەرەنجراکێش دەبن، کاتێك لە رەنگێکی جوان و ناسك دانرابێت.




# منداڵێکی سێ قاچ






منداڵ، چونکە جەستەی ناسکە، کە تووشی نەخۆشی دەبێت جار هەیە ئەو نەخۆشــییە بە جۆرێك کاریگەری لەسەر جەستە دادەنێ کە شێوازی جەســتەی منداڵەکە تێکدەدات، زۆرجاران ئەو شێوانی جەستەیە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئەندامێکی زیادە لە جەســتەیدا. لە وڵاتی کۆریادا منداڵێك قاچێکی زیادەی لە جەستەیدا رووداوە.

(سو میۆونیگ)یەکێك لەو منداڵانەیە کە جیاوازی لەگەڵ منداڵانی دیکە هەیە، چونکە خاوەنی ســێ قاچە. قاچەکەش لە نزیك کۆندۆمی دەرکەوتووە، تا ئێســتاش چارەسەر نەکراوە. رەنگە لەداهاتوودا ئەو کێشەیەی بۆ چارەسەر بێت.



# وێنەکانی سەر



چەندین شێوازی سەیر و جوان لە وێنەکێشاندا هەیە، لەوانە دروســت کردنی وێنەی جوان و سەیر لەســەر چەندین شــت کە مرۆڤ بە خەیاڵیشی دانایەت، شێوازێکی نوێ بۆ وێنە کێشان، کردنی رووخساری مرۆڤە بە تابلۆی

# خوێن لە چاوانیدا دەبارێ

چەند ژمارەیەك پێش ئێســتا باسی ئەو پیاوەمان لە وڵاتی تورکیا کرد، کە شــیر لە چاوەکانــی دەبارێ، دیارە شیری سرووشتی نییە، بەڵکو ماددەیەکــی ســپییە کە لە شــیر دەچێت. کەچــی کچێك لە وڵاتی هیندســتان هەیە کــە چاوەکانی ماددەیەکیــان لێدەرژێ کەلە خوێن دەچێت.

ئەم کچە (توینــکل دیفیدی)یە و تەمەنی ١٤ ســاڵە، رۆژانە برێکی زۆر فرمێســکی خوێنین دەبارێنێ، شایانی ئاماژە پێدانە ماددەکە خوێن نییە بگرە رەنگی ســوورە. لەگەڵ ئەوەیــدا چەندین پشــکنینیان بۆ کردووە، بــەڵام دەرکەوتووە کە کچە هیچ چەشنە نەخۆشییەکی نییە و چاوی وەك مرۆڤی ئاسایی وایە.




# پۆلیسە کورتەباڵاکان





لەلای ئێمــە یەکێك لە مەرجەکانی بوون بە پۆلیس، یان پۆلیسی هاتووچۆ ئەوەیە، دەبێ باڵایەکــی بەرزو رێکــت هەبێ، کەچی وادیارە لە وڵاتــی بەریتانیا ئەو رێچکەیەیان شــکاندووە و یەکســانی لە نێوان گشــت مرۆڤێك دەکــەن، جیاوازی لەنێوان ئەوانەی باڵایان کورتە یان ناوەند یان درێژە ناکەن.

ئەوەی دەیبینن بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی ئەو راستییە، چونکە یەکێکە لە پۆلیسە بــاڵا کورتەکانــی ئەو وڵاتــە و ناوی (رۆبیرت بۆرت)ە و تەمەنی ٢٩ ســاڵە، وەك دەبینن چۆن کارەکانی ئەنجام دەدات و وەك هەر پۆلیسێکی دیکە هەڵسوکەوت دەکات. درێــژی بــاڵای ئەو پۆلیســە نزیکــەی (١٤٠) ســەنتیمەتر دەبێ، بە پێرەوکردنی یاســای ئەمانــی جیاوازی لە نێــوان مرۆڤەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کــە مرۆڤە بــاڵا کورتەکان هەســت بە کەموکوریی نەکەن!



# بەخێربێن بۆ وڵاتی کورتەباڵاکان

وەك ڕێگەیەك بۆ ڕێزگرتن و پاراستنی هەست و سۆزی کورتە باڵاکان، بۆ ئەوەی لەلایەن کەسانی نەفس نزم گاڵتەیان پێنەکرێ و بە چاوی سووك سەیر نەکرێن، وڵاتی چین دەستپێشخەرییەکی گەورەی کردووە، ئەویش بە دانانی ناوچەیەکی تایبەت بەوانەی کە درێژی باڵایان لە ١٣٠ سەنتیمەتر کەمترە. شوێنێکی ئارامی بۆ دروست کردوون.

تا ئێستا نزیکەی (١٠٠٠) کورتە باڵا لە وڵاتی کورتەباڵاکان دەژین، ئەوانە ڕۆژانە خۆشترین کاتەکانی ژیانیان لەوێدا بەسەر دەبەن، لەوێدا هەوڵ دەدەن کە کارێکی وابکەن، سوودی بۆ کۆمەڵگا هەبێ، هەمووشیان لە بەژن و باڵادا وەك یەکن.



# ڕووخساری مرۆڤ

نیگارەکان.

ئەوەی لە وێنەکەدا دیارە سەیرترین وێنە و تابلۆی سەر روخساری مرۆڤە، ئەم شێوازە لە وڵاتی "هەنگاریا" وەك مۆدەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش دادەنرێت.

# ئەوانە شێت نین لە خۆشیان وادەکەن

ئەم ڕۆژەی کە بووك و زاوا دەچنە قەفەسی زێڕینەوە، یەکێکە لە ڕۆژە خۆشەکانی ژیانیان، بەڵام زۆر کەس بۆ ئەوەی کە ئەو ڕۆژە وەك یادگارییەك لە لای خەڵکی دیکەش بمێنێتەوە. چەندین




شێوازی گواستنەوەی بووکی لەم ڕۆژەدا تاقیکردۆتەوە. هەندێك لەوانە بۆ ئەوەی کە خۆشییەکەیان لەگەڵ خەڵکی دیکەش دابەش بکەن. کارێك دەکەن کە سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. هەموومان دەزانین کە جلوبەرگی بووك و زاوایەتی دیارە و ناسراوە کە چ جلوبەرگێکە، ئەویش بریتییە لە کراسێکی سپی بۆ بووك و قاتێکی ڕەش یان ڕەنگی دیکە بۆ زاوا.

ئەوەی لەو وێنەیەدا دەبینین جیاوازی لەگەڵ جلی بووك و زاوایەتی هەیە، چونکە جلەکان و شێوازی پۆشینیان لە هی کەسێکی ئاسایی ناچێت، بگرە لە هی کەسێکی سەر شێت و کەم ئەقڵ دەچێ! جگە لە جلوبەرگەکەش زاواکە قژێکی درێژی هەیە و خانمە بووکیش هەر قژی پێوە نییە! لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠دا ئەو جۆرە بووك و زاوایەتییەشمان دی.

# ئاگات لەخۆ بێ بزنەکە نەکەوێ

گواستنەوەی گیانلەبەرە ماڵییەکان وەك بزن و مەڕو مانگا و ئەسپ... هتد لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەبێ بە ئۆتۆمبیلی تایبەتی بێت، نەك ئۆتۆمبیلی نەفەر هەڵگر. کەچی پیاوێکی مەنگۆلی بۆ گواستنەوەی بزنەکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە مۆتۆرسکلیت سوود وەردەگرێ.

وەك لە وێنەکەدا دیارە پیاوەکە بزنەکەی لەسەر پشتی خۆی داناوە و بە پەتێك قاچەکانی بزنەکەی لەسەر سینگی خۆی بەستۆتەوە. دەبێ بە بزنەکە بڵێین زۆر ئاگای لەخۆبێ نەکەوێ!





## منداڵەکەت لە کیس بخە

بیرۆکەیەکی سەرنجراکێش و جوان بۆ هەڵگرتنی منداڵی بچووك، لە شوێنی قەرەباڵغی ئامادەکراوە، بیرۆکەکەش بریتییە لە دانانی منداڵی بچووك لەناو (کیس و عەلاگەی)تایبەت بە منداڵان، ئەو بیرۆکەیەش زۆر لەمێژ نییە دەرکەوتووە، دیارە عەلاگەکەش زۆر بەهێزەو بە دانانی منداڵەکە تێیدا نادڕێت.

## چاوە جوانەکانی کاوبۆ

مۆدە جوان و سەیرەکان رۆژانە لە کاری تازە و جوان دەردەکەون، بۆ ئەوەی کە سەرنجی دەوروبەر رابکێشن نەخشی جوان لەسەر جلەکان دادەنێن، ئەوەی لە وێنەکەدا دەیبینن جوانترین و سەیرترین کاوبۆیە، چونکە لە دواوەی کاوبۆیەکە، وێنەی دوو چاو کراوە، بە مانای ئەوەی سەیرم نەکەیت و چاوم هەیە !



## به پێستی چاو ئۆتۆمبیل رادەکێشێ

ئەوانەی خاوەن بەهرە و کارە سەیرەکانن، دەتوانن چەندین کاری وا بکەن که سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆیان رابکێشن، جاری واش هەیە کارێکی وادەکەن مرۆڤ پێی خەفەتبار دەبێ، لە هەرێمی (دۆنگ شانگ) لە وڵاتی چین پیاوێك بە ناوی (سان) توانی نمایشێکی گەورە و سەیر ئەنجام بدات.

نمایشەکە بریتی بوو لە راکێشانی ئۆتۆمبێلێکی سالۆن بە پێستی پێڵووی چاوەکانی. شایانی ئاماژە پێدانە (دونگ شانگ) توانی ئۆتۆمبیلێك بەم شێوەیە یەك مەتر رابکێشێت.



## ئەو ئافرەتە یاسای وڵاتەکەی پێشێل دەکات



ئافرەتێکی ئیتالی بەناوی (ماسیموا) کە لە شاری "بنفینۆ" دەژیت، شەش منداڵی بە سگێك دەبێت.

منداڵەکانیش چوار کچ و دوو کوڕن، هەر یەکە لەو (٦) منداڵە، کێشیان لە نێوان (٦١٠ — ٨٠٠) گرامە، هەمووشیان ساغ و سلامەتن، ئەوەی خاڵی جێگای تێڕامان بێ ئەوەیە، هەرچەندە حکومەتی ئیتاڵیا رێگە نادات لە (٣) منداڵ زیاتر ببێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی حاڵەتەکە یەکەم حاڵەتە لەم وڵاتەدا، بۆیە ئاسانکاریان بۆ کراوە تاوەکو ئەو ئافرەتە منداڵەکانی بەخێو بکات.



# گوێدرێژیش لە هۆش خۆی دەچێت !

**ئا: ئێوان گەردی**

کوردستانی خۆشمان لە دیمەنی سەرنجڕاکێش کەمتر نییە لە ناوچەکانی دیکەی جیهان، ئەوەی لەو وێنەیەدا دەبینن یەکێکە لە حاڵەتە سەیرەکان کە بەسەر گوێدرێژێکی بەستەزماندا هاتووە! لە شارۆچکەی مەخموور، کە دەکەوێتە باشووری شاری هەولێر، وادیارە باری ئەم گوێدرێژە زۆر دەبێ و لە توانای خۆی نابێ، لە شەکەتیان لە هۆش خۆی چووە.

دوای هێنانە خوارەوەی بارەکە لەسەر پشتی گوێدرێژەکە، چەند دەبەیەك ئاوی ساردی پێدادەکەن، گوێدرێژەکە بەهۆش خۆی دێتەوە، ڕەنگە دوای بەهۆش هاتنەوەی کە چاوی بە بارەکە بکەوێ، بڵێ خۆزگە بەهۆش نەهاتبماوە.

# سەرەنجڕاکێشترین نەخۆشییەکانی پێست



وڵاتی چین هەروەك لە رووی زۆری دانیشتوانییەوە یەکەمە، لە ڕوودانی شتی سەیروسەمەرەشدا یەکەمە. هەربۆیە بە وڵاتی دایکی سەمەرە دەناسرێت، ئەمەش بەهۆی زۆری دانیشتوانی ئەو وڵاتە، هەر یەکەش حەز بە بەهرە و کاری تازە دەکات بۆ ئەوەی لە نزیکەوە شتێك پێشکەش بە جیهان بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك جار کارە سەیرەکان بەبێ کۆنترۆڵ دەردەکەوێ و دەبێتە حاڵەتێکی تایبەت و سەیر.

لە وڵاتی چین کچێك نەخۆش بووە، بەهۆی نەخۆشییەکە خانەکانی ناو خوێنی کچەکە لە دەرووەی جەستەیدا کۆبوونەتەوە، شێوەی کۆبوونەوەی خانەکان وەك پارچە بەرد وایە کە لە سگی بەسترابێ، کەچی لە ڕاستیدا نەخۆشییەکە و بۆتە هۆی دەردەسەری بۆ ئەو خانمە بچووکە.

# مۆدە سەیرەکانی تاتۆی جەستە

مۆدەی تاتووەکان یەکێکن لە جوانترین و سەیرترین نەخشەکانی سەر جەستە، چەندین مۆدەی تایبەت و جوان و سەرنجڕاکێشن هەن، ئەوانەی ئەرکی نەخشەکێشانی مۆدەی تاتۆ دەکەن دەیانهەوێ مۆدەکە لەگەڵ کەسەکەدا بگونجێت، بۆیە هەر مۆدەیەك تایبەتە بەکەسی خۆیەوە.




وادیارە ئەو گەنجە خولیای وەرزش و یاریگایە و هەڵساوە بە دانانی تاتۆی یاریگا و یاریزانەکانی جیهان لەسەرتاپای جەستەی خۆی، (سیمۆرا) ئەو گەنجەیە لە وڵاتی بەریتانیا دەژییێت و بڕی (١٠٠٠) دۆلاری داوە بۆ ئەوەی سەرتاپای جەستەی لە تاتۆ بنەخشێنرێت.



